# به یەک وای-فای هێڵی ئینتەرنێت بۆ دە کۆمپیوتەر بگوازەوە

سیستەمی Wi-Fi واتە سیستەمی پەیوەندیی کردن و راگواستنەوەی داتاکان و بڵاوکردنەوەی هێڵی ئینتەرنێت بەبێ سنوور، ماوەیەکی زۆر نییە وەك تەکنەلۆژییەکی بەرفرە شوێنی خۆی کردۆتەوە.. بەڵام گرنگیی ئەو تەکنەلۆژییە لە زانکۆ و هوتێل و ئیدارەکاندا شوێنێکی تایبەتی هەیە، چونکە بەبێ هیچ چەشنە وایەرێك بە سوود وەرگرتن لەو تەکنەلۆژییە دەتوانیت هێڵی ئینتەرنێتت هەبێت، یان فایلەکان لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی دیکە بگوازیەوە.

ئامێری AG-225H هەروەك لە وێنەکەدا دیارە سایزەکەی بەقەد سایزی فلاش میمۆرییەکە، بەڵام توانایی لە کرداری Wi-Fiدا بێ سنوورە، چونکە هێزی شەپۆلی بەرێکردنی زانیاری لە رێگای ئەو ئامێرەوە 5 گیگاهێرتزە. ئامێری ناوبراو کە لە تەکنەلۆژیای AP سوود وەردەگرێت، لەکاتی پەیوەندیی کردن بە کۆمپیوتەردا دەتوانێت هەم بۆ پەیوەندیی ئینتەرنێت و هەم بۆ گواستنەوەی فایلەکان سوودی لێوەربگیرێت. ئەو ئامێرە لە هوتێل و ئیدارە گەورەکان سوودی زۆری لێدەبیندرێت، بۆ نموونە لە هوتێلدا کە لەگەڵ چەند کەس لە هاورێیانت ماویتەوە، بۆ سوود وەرگرتن لە ئینتەرنێتی هوتێلەکە دەبێت پارەی هێڵەکەش بدەیت، بەڵام بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانیت لە یەك کاتدا بۆ دە کۆمپیوتەر سوودی لێوەربگریت و تەنیا خەرجی 1 هێڵیش بدەیت، جگە لەوە مەودای بەرێکردنی هێڵی ئینتەرنێت بەهۆی ئەو ئامێرەوە لە 100 مەتر زیاترە، کە ئەمەش بۆ ئەو شوێنانەی ئاماژەمان پێدان مەودایەکی زۆر گونجاوە.



# هەوڵبدە داتا و فایلەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت نەدزرێن

ئێستاکە هەرچەندە هەڵگرتن و راگرتنی داتاکان بەبێ تێکچوون و لەناوچوونیان زۆر ئاسانە، بەڵام دزە کردنە ناو داتا شەخسیەکانیش و دزینیان لەوەش ئاسانترە، واتە بۆ دزینی گرنگترین فایلە شەخسییەکانت هەر ئەوەندە بەسە کە پێنج خولەك ئاگات لە کۆمپیوتەرەکەت نەبێت و یەکێك بەمەبەست فلاش میمۆرییەکەی بخاتە ناو کۆمپیوتەرەکەت و ئەوەی مەبەستیەتی لەگەڵ خۆیدا بەرێت.. پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت "ماڵی خۆت توند بگرە و کەس بە دز مەگرە" بۆیە پێویستە پرۆگرامێك لەسەر کۆمپیوتەرەکەت هەبێت کە رێگە نەدات هیچ فلاش میمۆرییەك جگە لەهی خۆت بێتە سەر کۆمپیوتەرەکەت، پرۆگرامی USB Block یەکێکە لەو پرۆگرامە بەهێزانە، بەهۆیەوە دەتوانیت هەموو پۆرتی USB یەکانی کۆمپیوتەرەکەت دابخەیت و بەبێ پاسۆرد نەکرێنەوە. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە و خودی پرۆگرامەکەش قەوارەکەی ئەوەندە زۆر نییە، دەتوانیت یەکێك لە فلاش میمۆرییەکانی خۆتی پێ بناسێنی کە بەبێ پاسۆرد بتوانێت لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دابنیێت و فایلەکانی پێ بگوازیتەوە، بەڵام هەر فلاش میمۆری یان کارد میمۆری یا سی دی و ئامێری دیکەی تایبەت بە گواستنەوەی داتاکان بەبێ پاسۆرد هیچ زانیارییەکیان ناچێتە سەری.





# وێنە سڕاوەکانی سەر مۆبایلەکەت بهێنەوە

مۆبایلە هۆشمەندەکان بەتەواوی شوێنی کامێرای دیجیتالیان گرتۆتەوە، چونکە زیاتر لەبەردەستدان وێنەیەکی زیاتریش بە کامێرای مۆبایلەکان دەگیردرێت، بەڵام جار هەیە بەشێك لەوێنەکانمان لە مۆبایلەکەدا بە ویستی خۆمان بێت یان بەهۆی نەزانینەوە دەسڕدرێنەوە، لەوکاتەدا هیچ رێگایەك یا پرۆگرامێك هەیە بۆ گەڕاندنەوەی وێنە سڕاوەکان؟

پرۆگرامی Diskdigger تایبەتە بە مۆبایلە هۆشمەندەکان و لەسەر مۆبایلەکە دادەبەزێت و بەئاسانی دەتوانیت وێنە سڕاوەکان سەرلەنوێ بهێنیتەوە و پێویست بەوە ناکات میمۆری مۆبایلەکەت بخەیتە سەر کۆمپیوتەر لەو رێگایەوە بیهێنیتەوە، بەڵکو هەر لەسەر خودی مۆبایلەکە ئەوە ئەنجام دەدرێت. پرۆگرامەکە پێشتر بۆ ویندۆز هەبوو، بەڵام ماوەیەکە ڤێرژنی ئەندرۆیدی تایبەت بە مۆبایلە هۆشمەندەکان هاتووە. دەتوانیت بۆ گەڕاندنەوەی وێنەیەك لە هەموو هاندەکە بگەڕێیت، یان دەتوانیت تەنیا لە یەك فۆڵدەری تایبەتی کە پێتوایە وێنەکە لەو فۆڵدەرەدا هەبووە.

# لەگەرماودا گوێ لە میوزیک بگرە



بەهۆی ئەوەی کە لە گەرماودا دەنگدانەوەیە هەیە بۆیە گوێگرتن لە میوزیك چێژێکی تایبەتی هەیە، ئەوانەی هیچ دەنگیشیان خۆش نییە لە گەرماودا دەست دەکەن بە گۆرانی گوتن... لەم دواییەدا کە تەکنەلۆژیای دیجیتالی هیچ شوێنێکی نەهێشتۆتەوە بیری لەوە کردۆتەوە کە ئامێرێکی دیجیتالی دابهێنرێ بۆ گوێگرتنی میوزیك لە گەرماودا کە بەهۆی شێ و ئاوەوە تێك نەچێت و سوودیشی لێوەربگیرێت.. بلندگۆ یا (سپیکەر)ی دژە ئاوی ishower کە بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل و کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت، دەکرێت لەگەڵ خۆت بیبەیت بۆ گەرماو یان لە کاتی باران باریندا بیبەیتە بەر باران، سپیکەرەکە بەهۆی وزەی کارەباوە شەحن دەبێتەوە. چەندین دوگمە لەسەر بلندگۆکەدان بۆ گۆڕینی میوزیکەکە یان کەم وزیادکردنی دەنگەکەی.

## گەسکەکەم ماڵەکەم بۆ خاوێن کەوە!



گەسك یان گەزك لەزمانی کوردیدا بەو ئامرازە دەگوترێت جا هەرچییەك بێت کە ئەرکی خاوێنکردنەوەی شوێنێك یان ماڵی پێ ئەنجام دەدرێت. سەرچاوەی وشەکە لە زمانی کوردیدا لەو گیایەوە هاتووە کە گەسکی لێ دروست دەکرێت.

چەندین ساڵە گەسکی کارەبایی شوێنی گەسکی گیایی گرتۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتاش گەسکی لە پوش دروستکراو هەرماوەتەوە و سوودی لێوەردەگیرێت.. ئێستا گەسکی کارەبایش گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە بەرەو تەکنەلۆژیای دیجیتالی هەنگاوی ناوە، نموونەش گەسکی کارەبایی دیجیتالی جۆری Cocorobo ی کۆمپانیای شارپە. گەسکی کارەبایی ناوبراو لە راستیدا جۆرێکە لە رۆبۆت و بەبێ ئەوەی کە مرۆڤ هیچ ماندووبوونێك ببینێ ئەرکی خاوێنکردنەوە ئەنجام دەدات، گەسکەکە کامێرایەکی دیجیتالی لەسەرە، لەگەڵ گڵۆپێکی LED و هەروەها سیستەمی وایەرلەیسشی لەسەرە و دەتوانیت بەهۆی پرۆگرامێکەوە تەنیا لە رێگای مۆبایلەکەتەوە فەرمانی پێبکەیت، تایبەتمەندییەکی دیکەی گەسکەکە ئەوەیە بەهۆی ئەو کامێرایەی لەسەریەتی دەتوانێت هەر شوێنێك کە خاوێنی کردۆتەوە فیلمی لێهەڵبگرێت، ئەم تایبەتمەندییە بۆ ئەوە بایەخی هەیە کە ئەو شتانەی لە ژێر قەنەفە و قەرەوێڵە و سیسەم دەکەون بیانبینێتەوە. تایبەتمەندییەکی بەرچاوی گەسکەکە ئەوەیە کە دەتوانێت بە دەنگی خۆت فەرمانی پێبکەیت و 36 فەرمان بە دەنگ ئەنجام دەدات وەك، برۆ، وەرە، خاوێن بکەوە، خۆت شەحن بکەوە... رەنگە وابیربکەنەوە ئەمە زیاتر لە لەیستوك و ئامێری گەمەی منداڵان دەچێت، بەڵام لەراستیدا گەسکێکی کارەبایی زۆر بەهێزە، چونکە دینەمۆکەی بە خێرایی 14000 جار لە خولەکێکدا دەسوڕێتەوە و دەتوانێت بچووکترین گەردیلەش هەڵمژێت.

## گەشت بۆ وڵاتی سەیرو سەمەرە

بە بۆچوونی پزیشکانی دەروونی یاریی ئەلکترۆنی بۆ بەهێزکردنی زەین و رێگا چارەیەك بۆ نەخۆشیی لەبیرنەچوونەوە و ئاسوودە بەخشین بە دەروون رۆڵێکی گرنگ دەبینێت، هەرچەندە لەلای ئێمە وابیردەکەنەوە یاریی ئەلکترۆنی پەیوەندیی بە قۆناغێکی تەمەنەوە هەیە و زیاتر دەبێ منداڵ و هەرزەکاران بیکەن، بەڵام لەراستیدا وانییە و یاریی ئەلکترۆنی هی هەموو قۆناغەکانی تەمەنە...

یاری Wonderland Adventures: Mysteries of Fire Island یان گەشتکردن بۆ وڵاتی سەیروسەمەرە، لەریزی یارییە هزرییەکان دێتە ژمار، ئەوەی یاری دەکات دەبێت بۆ وڵاتی سەیروسەمەرە گەشت بکات و وڵاتێك کە رووداوی سەرسوڕهێنەر تێیدا روو دەدات. رەنگە ئەوانەی چیرۆکی ئالیس و گەشت بۆ وڵاتی سەیروسەمەرەیان لەبیرمابێت، بزانن یارییەکە چۆنە. ناحەزان هێرشیان کردووە کە ئەم وڵاتە لەناو دەبەن و ئەمنییەتی وڵاتەکە لە مەترسیدایە، بەڵام ئێوە دەبێ بە گژیاندا بچنەوە. دەتوانیت بەهۆی ماوس یا کیبۆردەوە یارییەکە بکەیت. دەبێ بە وردبینییەوە ئەو شتانەی شاردراونەتەوەو هەروەها مەتەڵە شاراوەکان بزانیت، هەتا خەڵکەکە رزگار بکەیت، گرافیکی یارییەکە لەسەرێیە و مۆسیقییەکی شادی تێدایە کە هەست بە ماندوو بوون ناکەیت..





## لەم سایتەدا مێشکتان بە شێوەی زانستی رابهێنن

ئەم سایتە سایتێکی سەرنجڕاکێش و بە سوودە، لە راستیدا هەتا ئێستا کاریگەریی باشیشی هەبووە بۆ ئەوانەی سەردانیان کردووە. سایتی www.lumosity.com دیزاینێکی سەرنجڕاکێشی هەیە و بەراستی لە سایتەکە ماندوو نابن، سیستەمی سایتەکە بەم شێوەیەیە، پاش کردنەوەی سایتەکە دوگمەی Start training لێبدە و ئەکاونتێك بۆخۆت بکەوە کە بە ئاسانی دەتوانی ئەنجامی بدەیت. سایتەکە پرسیارت لێدەکات حەز دەکەیت مێشکت لە چ بوارێکدا کارایی و توانایی بچێتەسەر. پاش ئەوەی کە یەکێکت هەڵبژارد، پرۆگرامێکی چەند مانگەتان بۆ دادەنێت و دەبێت هەموو رۆژێ سەر لەم سایتە بدەن و چەند یارییەکی ئەلکترۆنی هەیە دەبێ بۆ ماوەی 10 هەتا 15 خولەك ئەنجامی بدەن. درێژە بە راهێنانەکان بدەن، سایتەکە لەو بڕوایە دایە کە ئەگەر بەپێی پرۆگرام بچنە پێشەوە، بەشێوەیەکی تەواو زانستی و واقیعی کە سایتەکە رادەگەیەنێت بچوون سەردانی کام پزیشکی پسپۆری مێشك بکەن و دەبینن کە مێشکتان لەو بوارانەی کە هەڵتانبژاردووە چەندە چۆتە پێشەوە. بەبێ ئەوەی کە هیچ سەردانی دکتۆرێك بکەی 85%ی مێشکتان باش بۆتەوە. هەروەها لە درێژایی راهێنانەکاندا بەشێوەیە چارتێر وەزعییەتی پێشکەوتنی مێشکتان دەبینن.. لەبارەی ئەوەی کە ئەوان بە چ پێوەرێك سایتەکەیان دیزاین کردووە، چەندین روونکردنەوەی زانستی لە سایتەکەدا هەن و دەتوانن سوود لەو بابەتانە وەربگرن کە لە سایتەکەدا لەم بوارەدا نووسراون..






## مارشال وێنە و فیلم نیشان دەدات

چوارچێوەی وێنەی دیجیتالی هەرچەندە بەو جۆرەی پێویستە لەلای ئێمە شوێنی خۆی نەکردۆتەوە، بەڵام رۆژێك دادێت کە ئەم چوارچێوە کە لە دار یان لە ئەلومینیۆم دروستکراون و تەنیا بۆ نیشاندانی یەك وێنەیە نامێنن و چوارچێوەی دیجیتالی کە بریتییە لە شاشەیەك و هەزاران وێنە لەخۆیاندا جێ دەکەنەوە شوێنیان بگرێتەوە.

چوارچێوەی دیجیتالی ME-8017 کە هی کۆمپانیای مارشالە، لەم دواییەدا کەوتە بازاڕەوە، ئەم چوارچێوە دیجیتالییە تایبەتمەندییەکانی وەك شاشەی 8 ئینجی، بوونی دوو بڵندگۆ بۆ ئەوەی لەکاتی نیشاندانی وێنەکاندا گوێ لە مۆسیقایەکی دڵگیریش بگری، هەروەها بوونی کەلێنی USB بۆ دانانی فلاش میمۆری، جگە لەوەش وێنەکان بە چەندین سلایدی جۆراوجۆر نیشان دەدات.

ئەم چوارچێوە دیجیتالییە زۆربەی کارت میمۆرییەکانی وەك میمۆری مۆبایل و کامێرا دەخوێنێتەوە. هەروەها جگە لە نیشاندانی وێنە فیلمیش نیشان دەدات.

## بە ماوسە نوێیەکان گرفت

ماوس کلیلی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و کۆمپیوتەرە، لە هەموو ئامرازەکانی کۆمپیوتەر بەکارهێنەری کۆمپیوتەر زیاتر ماوس بەکار دێنێ، لە راستیدا ماوس گۆچانی دەستی بەکارهێنەرەکەیە بۆ چوونە ناو جیهانی کۆمپیوتەرەوە. بەهۆی ئەوەی کە ماوس زۆر بەکار دێت و تووشی ژانی مەچەك و پەنجەکانت دەکات، بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئازاری پەنجەکان لە ماوسێکی نوێ بەناوی up mouse بەرهەم هاتووە، کە ئازاری پەنجە و مەچەکی ئەو بەکارهێنەرانەی ماوەیەکی زۆر لەسەر کۆمپیوتەر کار دەکەن کەم دەکاتەوە.

شێوازی کارکردنی ئەم ماوسە پێچەوانەی ماوسە کلاسیکییەکانە، لەو ماوسانەی کە هەتا ئێستا دیتومانە دوو دوگمە یا چەند دوگمەیەك هەن کە بەهۆی داگرتنیان بۆ خوارەوە فەرمانەکان ئەنجام دەدات، بەڵام لەم ماوسەدا کە وەك پەنجەوانەیەك لە دەست دەکرێ، لەکاتی ئەنجامدانی فەرمانێك بەکارهێنەر دەبێ زەخت بۆ سەرەوە بێنێ، واتە دەبێت پەنجە بەرز بکاتەوە و نەك دایبگرێت.



# هــەر جــارەو وەڵامــی پرسیارێک

خوێنەرێکــی بەڕێــزی ئایتــی پرسیاری ئەوە دەکات کە من لە دەرەوە را گەڕاومەتــەوە، لــەوێ تایبکردن بە کیبۆردێك دەمکــرد کە پیتەکانی وەك پیتــی لاتینــی بــوون، واتــە لەبری پیتــی "ب" دوگمەی "B"م دادەگرت و پیتەکە دەنووسرا، کەچی لێرە کیبۆردێکی لەم شــێوەم چنگ ناکەوێــت.. منیش هەر لەســەر ئەم جۆرە کیبۆردە راهاتووم..

خوێنەری بەڕێز لەراستیدا ئەوانەی بە جۆرە کیبۆردێك دەنووسن و کەچی لە شــوێنی دیکە ئەو کیبۆردە نییە و پیتەکان بەپێی ئــەو راهاتنە نین کە لەسەری راهاتوون بۆخۆی گرفتێکە، بــەڵام وانەبێت هەمــوو گرفتێکیش چارەسەری نەبێت، چارەسەری ئەمە زۆر ئاسانە، یەکەم دەتوانیت لە ماڵپەڕی زانستپەروەرانی کورد لەگوگڵدا سێرچ بکە و لەو ماڵپەڕەدا ئەو کیبۆردەی تۆ دەخوازی بوونی هەیە، یان بە ئاسانی بەهــۆی پرۆگرامــی MCKLC کە هی کۆمپانیای مایکرۆســۆفتە بە ئاســانی کیبۆرد بۆخۆت بە پێی ویستی خۆت چێبکەیت...



# پرینتەرێک بۆ چاپکردنی بۆن و بەرامە

حەز دەکەی بەبۆنەی جەژن و یاد و بۆنە تایبەتییەکان کارت پۆستاڵێك بۆ هاوڕێیەکەت بنێری کە وێنەی گوڵێك بێ، یان وێنەی شوێنێك بێت کە پێکەوە یادەوەریتان لێی هەیە، رەنگە خۆزگە بخوازی لەگەڵ کردنەوەی کارت پۆستاڵەکە بۆنی ئەو گوڵە یا ئەو دیمەنەشی لێبێت کە لەسەر کارت پۆستاڵەکە چاپ کراوە.

لە دنیای تەکنەلۆژیای ســەردەمدا هیچ شتێك لە ســنووری خەیاڵ و خەوندا نامێنێتەوە و درەنــگ یا زوو لە واقیعدا خۆیان دەبیننەوە، هەروەك ئەو پرینتەرەی کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن، ئــەم پرینتــەرە بیرۆکەی خوێندکارێکی زانکۆی دونگ هو ئای وڵاتی چینە کە لە ناوەندی داهێنەرانەی کۆمپانیای ســۆنی دا دەخوێنێ، پرینتــەری جۆری food-printer دەتوانێت بۆنی ئەو شــتەی کە مەبەســتتە بیکەی بە کارت پۆســتاڵ لەخۆیدا خەزن دەکات و لەکاتی چاپکردنی کارت پۆســتاڵەکەدا بۆنەکەش دەکەوێتە ســەر کارت پۆستاڵەکە، بۆنەکە بۆنی هەر شتێك بێت، چ گوڵێکی جوان بێت یان خواردنێك کە ئارەزووی بکەی..

# ـــــــی ژانی مەچەکتان نابێت

